پەروەردگاری بەرز وپیرۆزمان هەموو شەوێک لە سێیەکی کۆتایی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا

لە ئەبی هوریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پەروەردگاری بەرز وپیرۆزمان هەموو شەوێک لە سێیەکی کۆتایی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا، ودەفەرموێت: «کێ لێم دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە؟ کێ داوام لێدەکات بۆ ئەوەی پێی ببەخشم؟ کێ داوای لێخۆشبوونم لێدەکات بۆ ئەوەی لێی خۆش ببم؟».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خوای گەورە -تبارک وتعالى- هەموو شەوێک لە سێیەکی کۆتایی شەودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا، وئاموژگاری بەندەکانی دەکات بۆئەوەی نزا بکەن ولێی بپاڕێنەوە، ووەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە لێی دەپاڕێنەوە، وهەروەها ئاموژگاریان دەکات ؛ داوای ئەو شتانەی لێبکەن کە دەیانەوێت بۆیان جێبەجێ بێت، چونکە ئەو دەبەخشێت بە ئەوەی داوا دەکات، وهەروەها هانیان دەدات بۆئەوەی داوای لێخۆشبوون بکەن لە گوناهەکانیان چونکە ئەو زاتە میهرەبانە لە بەندە ئیماندارەکانی خۆشدەبێت ئەگەر لێی بپاڕێنەوە وداوای لێخۆشبوونی لێبکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10412